نزای: (الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا، وكفانا وآوانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لا كَافِيَ له وَلاَ مُؤْوِيَ)

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی دەیفەرموو: «الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا، وكفانا وآوانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لا كَافِيَ له وَلاَ مُؤْوِيَ»، واتە: «حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە خواردن وخواردنەوەی پێ بەخشین، وبێ پێویستی کردین وگەڕاینەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونمان (بۆ نێو خانووەکانمان)، چەندێک کەس هەیە کە پێویستە وشوێنی نیشتەجێبوونی نیە (خانووی نیە)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی دەیفەرموو: (الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا، وكفانا وآوانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لا كَافِيَ له وَلاَ مُؤْوِيَ). (الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم نزایە دەکات کە حەمد وسوپاسکردنی خودای تێدایە لەسەر ئەو خواردن وخواردنەوەی دەیبەخشێت چونکە ئەگەر خوای گەورە ئەم خواردن وخواردنەوەیەی ئاسان نەکردایە ئەوا نە خواردنت دەخوارد ونە خواردنەوەت دەخواردەوە، بۆیە پێویستە حەمد وسوپاسی خودا بکەیت لە سەر ئەوەی خواردن وخواردنەوەی پێبەخشیووێت. (كفانا وآوانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لا كَافِيَ له وَلاَ مُؤْوِيَ): وبێ پێویستی کردین وئەوەی پێویستمانە پێمانی بەخشی، وشوێنێکی بۆ دابینکردین کە تێیدا بحەوێینەوە ونیشتەجێ بین؛ چونکە زۆر مرۆڤ هەیە کە پێویستیەکانی دابین نەبووە وشوێنی نیشتەجێ بوونی نییە، -بۆیە پێویستە کاتێک چووە سەر جێگا ئەم زیکرە بخوێنێت وەکو حەمد وسوپاسکردنێک بۆ پەروەردگار -سبحانه وتعالى.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5882

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee